www.kurdistannet.org
15/01/2002 20:50

# ئێستاو ئایندەی کوردستان لە روانگەی رابەرانی ناسیۆنالیزمی کوردەوە

**رێبوار ئەحمەد**
**rebwarah@yahoo.com**

بەبۆنەی سەری ساڵی تازەوە مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانیو هەندێك لە سەركردەكانی دیكەی دوو حزبی دەسەڵاتدار لەبارەی هەلومەرجی ئێستای كوردستانو مەسەلە گرنگەكانی ئێستاو چارەنوسی كوردستانەوە چەند لێدوانو گفتوگۆو كۆنگرەی ڕۆژنامەنوسییان ئەنجامداوە، كە لە میانەی ئەوانەدا جارێكی دیكە سیاسەتو هەڵوێستو ڕێگاچارەكانی خۆیان خستوەتەڕوو. هەرچەند هەر یەك لەو لێدوانانەو ئەو مەسەلانەی لە بارەیانەوە دواون، ئەوە هەڵدەگرێ كە بە تایبەتیو هەمەلایەنە قسەیان لەسەر بكرێ، بەڵام لێرەدا بە كورتی هەندێك لایەنی هەڵوێستە سیاسیو ڕێگاچارەكانیان سەبارەت بە چارەنوسی كۆمەڵگای كوردستان، هەڵوێست لە ڕژێمی بەعس، ئاشتی نێوان یەكێتیو پارتی، تیرۆریزم، لێكدەدەینەوە.

كێشەی كوردو چارەنوسی كوردستان

"پاراستنی یەكپارچەیی خاكی عێراق" دروشمێكی شوڤینستی بە ناوبانگی ڕژێمی فاشیستی بەعسە. ئەم دروشمە ڕەمزی ڕەتكردنەوەو لەژێرپێنانی مافی جیابوونەوەو پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە بۆ خەڵكی كوردستان. بە پێی قانونی بەعسو بە تۆمەتی لەكەداركردنی ئەم شیعارە "پیرۆزە" بە هەزاران هاوڵاتی عێراقی ملی كراوە بە پەتی سێدارەوە. بەڵام ئەگەر صدام حسین لە ساڵێكدا جارێك ئەم شیعارە دووپات بكاتەوە، سەرانی ناسیونالیزمی كورد هەر مانگی جارێك یان چەند جارێ دووپاتی دەكەنەوەو ڕێگاچاری كێشەی كوردشیان لەم چوارچێوە شۆڤینیستییە بەزۆر داسەپاوەدا ناوناوە "ڕێگاچارەی واقعی". لەكاتێكدا ئەم شیعارە مانایەكی نییە جگە لەوەی كە خەڵكی كوردستان ناتواننو مافی ئەوەیان نییە باسی جیابونەوە لە عیراقو پیكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بكەنو مەحكومن بەوەی مل بەم شۆڤێنیزمە بدەن.

ئەم ڕۆژانە هەردوو سەرۆكی یەكێتیو پارتی ڕاشكاوانە لە هەموو كات زیاتر سوێند بەم شیعارە دەخۆنو جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە هەر دەبێ كێشەی كورد لەسەر بناغەی فیدراڵیزمو لە چوارچێوەی عێراقێكی یەكگرتووو دیموكراتدا چارەسەر بكرێت، هاوكات دژایەتی ئاشكرای خۆیان لەگەڵ جیابونەوەو پێكهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە كوردستان دووپات دەكەنەوە. بەوپێیەش ئەم هەڵوێستەیان كە بە تەواوی لەگەڵ سیاسەتی ڕژێمی بەعسو دەوڵەتە سەركوتگەرە پەیوەندیدارەكان بە كێشەی كوردەوە جووت دەبێت، ناو دەنێن "ڕێگاچارەی واقعی". ئەگەر دەوڵەتانی سەركوتگەری مەركەزی بە مەبەستی خۆلادان لە چارەسەری كێشەی كورد شیعاری "پاراستنی یەكپارچەیی خاك"یان داهێناوە، بەڵام ڕابەرانی ناسیونالیزمی كورد بە ناوی "ڕێگاچارەی واقعی" بۆ كێشەی كورد شیعاری سەرزاری ئەوان دووپات دەكەنەوە. ئەمە جێگای سەرسورمان نییە چونكە هیچ لایەكیان بناغەی سیاسەتیان چارەسەری كێشەی كوردو ستەمی میللی نییە.

بەدەر لەوەی كە كام ڕێگاچارە لە كام هەلومەرجدا بە قازانجی خەڵكی كوردستانە، ئەوە مافێكی سەرەتایی ئەم خەڵكەیە كە بە مانەوە یان جیابونەوەو پێكهێنانی دەوڵەتێكی سەربەخۆ بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن، "یەكپارچەیی خاك" هەر بەو بەڵگەیەی كە ئەم مافە لەژێرپێ دەنێو تا ئێستا بووەتە هۆی سازكردنی دووبەرەكایەتی میللی لە نێو دانیشتوانی سەر بە میللەتە جیاوازەكانی خەڵكی عێراقو تەنانەت پارچە پارچە كردنو لە خوێن هەڵكێشانی جەستەی سەدان هەزار كەس، شیعارێكی تا سەر مۆخ كۆنەپەرستانەو فاشیانەیە. هەروەها بەستنەوەی چارەسەری كێشەی كورد بە "عێراقێكی دیموكرات"ەوە، لەلایەكەوە سیاسەتێكی چەواشەكارانەو لەلایەكی دیكەوە پاساوێكە بۆ شیعاری "یەكپارچەیی خاك". لە كاتێكدا چارەسەری كێشەی كورد دەبەستنەوە بە هاتنەكایەوەی "عێراقێكی دیموكرات"ەوە كە نە پێناسەیەكی ڕۆشنو

دیاریکراویان بۆ ئەو دیموکراتیەتە هەیەو نە خۆشیان دەزانن ئەم دیموکراتیەتە چۆن بەرپا دەبێت، بە تایبەت کە شەوو ڕۆژ سوێند لەسەر ئەوە دەخۆن کە ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئامانجو مەبەستی ئەوان نیە. بەم مانایە دیموکراتیان دەویێ بە ڕژێمی بەعسەوە، ئەمەش قسەیەکە کە تەنانەت صدام حسین لێیان قبولێ ناکات. لە هەمانکاتدا دانانی مەرجی ئەوەی کە دەبێ چارەسەری کێشەی کوردو وەزعی ئێستای کوردستان ڕاوەستێ لەسەر ئاڵوگۆڕی دیموکراتی لە عێراقدا، مانایەکی نیە جگە لە بەفیڕۆدانی دەرفەتێك کە لەم هەلومەرجەدا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە لە ئارادایە، لە پێناو ساتو سەودایەك کە ئەم ئەحزابانە بە مەبەستی دەستگیرکردن لە سوچێکی دەسەڵاتی سیاسی، گەرمیان کردوە.
فیدراڵیزمیش جگە لەوەی شیعارێکی کۆنەپەرستانەو قەومپەرستانەیە، بەو بەڵگەیەی کە مۆری قەومی دەدات لە نیوچەوانی هاوڵاتیانو لەسەر ئەم بناغەیەش بەرامبەر بەیەكو لە شەڕو کێشەی نەبڕاوە لەگەڵ یەك ڕایاندەگرێت، لە هەمان کاتدا شیعارێکی خەیاڵیە. هیچ شتێك لەوە خەیاڵی تر نیە کە چاوەڕوان بکرێ ڕژێمێکی ناسیونالیستی وەکو بەعسو صدام حسین دەسەڵاتی سیاسی عێراق لە نێوان خۆیو ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەش بکات، مەسەلەی ئەصڵی لە فیدراڵیزمیش ئەوەیە کە تەنها نوسینی ئەرزو حاڵەکەی پەیوەندی بە ئەحزابی کوردییەوە هەیە، هەرچی بڕیاری جێبەجێ کردنەکەیەتی بە تەواوی بەندە بەوەی صدام یان دەوڵەتی مەرکەزی قەڵەمی لێ بخشێنێو ئیمزای بکات. ئەو قەڵەمەش هەرگیز لە داخوازی نێو ئەو ئەرزوحاڵە ناخشێو ئیمزای لێ نادات. تەنانەت ئەگەر لە هەر هەلومەرجێکی تایبەتدا گریمان بە ناچاری بەڵێنی وایش بدات، گومان لەوە نیە کە لە یەکەمین فرسەتدا دەدات بە ژێریدا هەر وەکو ئەوەی لە 1970 تا 1974 تەجروبە کرا. بەڵام جیاواز لەمانە شیعاری فیدراڵی لە ڕیشەوە نامەنتقیە. خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە کە یەکلایەنە بڕیار لەسەر چارەنوسی تایبەتی خۆیان بدەن بە جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆو تەنانەت ئەمە بەسەر ڕژێمێکی وەکو بەعسیشدا بسەپێنن. بەڵام ناتوانن نە بەعسو نە هیچ ڕژێمێك ناچار بەوە بکەن کە بە پێی سیستەمی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا لەگەڵیان ژیان بکات. ڕێککەوتن لەسەر ئەمە کارێکە پێکهاتنی دوولایەنەی دەوێت، لە کاتێکدا لایەکیان کە دەولەتی مەرکەزیە ئیمکانی نیە لەسەر ئەمە پێکبێت. بەم جۆرە بەدیلی فیدراڵی جیا لە هەموو عەیبێکی ڕێگاچارەی کێشەی خەڵکی کوردستان لە دەستی خۆیان دەردەهێنێ.
یەکێتیو پارتی دەیانەوێ ئەوە بکەن بە سەرچاوەی شەرعیەتی شیعاری فیدراڵیزم، کە "پەرلەمان بە نوێنەرایەتی گشت خەڵکی کوردستان بڕیاری لەسەر داوە" یان ئەوەی کە سەرۆکی پارتی دەڵێ "هەموو کورد لەسەر فیدراڵیزم هاوڕان". لە کاتێکدا هیچ واقعیەتێك لەمەدا نیە. چونکە نە "پەرلەمان" پەرلەمان بوو، نە وەکو خۆیان دانی پێدا دەنێن بە پێی ئەنجامی دەنگدانی خەڵك (51 بە 49) پێکهات، نە هیچ پەرلەمانێك دەتوانێ لە بری خەڵك بڕیار لەسەر چارەنوسی سیاسی ئەوان بدات مەگەر لە فەرهەنگی کوردایەتیدا ئەم عادەتە هەبێت. سەرۆکی پارتیش تا ئێستا هیچ ریفراندۆمێکی لە کوردستاندا بەڕێوە نەبردوە تا بۆی دەرکەوتبێت کە "هەموو کورد لەسەر فیدراڵیزم هاوڕان" ئەوە عادەتێکی بزووتنەوەی کوردایەتیە کە ڕێگا بە خۆی دەدات بە ناوی هەموو خەڵکەوە قسە بکات. ئەگەر سەرۆکی یەکێتیو پارتی ئەوەندە دڵنیان لەوەی کە "هەموو کورد لەسەر فیدراڵیزم هاوڕان" بۆ ئەو زەحمەتە نادەنە بەرخۆیان وەکو زۆر جێگای دیکەی دنیاو شێوازێکی مۆدێرنی ئەم سەردەمەو بۆ یەکجار ڕێزدانان بۆ خەڵکی کوردستان مل بدەن بە دەنگدانێکی گشتیو ئازادانەی خەڵك تا ئەو ئەنجامە بە شێوەی مەنتقی نیشانی هەموو خەڵكو ڕای گشتی دنیا بدەن؟

خواستی جیابونەوەو پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ

ناکارامەییەکی گەورەی ناسیونالیزمی کورد لەوەدا دەردەکەوێت کە بە پێچەوانەی ئەوەی هێزە ناسیۆنالیستەکان لە دنیادا هەوڵیان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ داوەو لەو پێناوەدا جەنگیون، کەچی ناسیۆنالیستەکانی کورد لە ناسیۆنال–شوڤێنستی

دەسەڵاتدار سەرسەختانەتر دژی خواستی سەربەخۆیی کوردستانو پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ ڕادەوەستن. ڕابەرانو سەرکردەکانی ئەم دوو حزبە لە هەموو لێدوانێکیاندا ئەمە دووپات دەکەنەوە. ئەمەشیان ناو ناوە "سیاسەتی واقیعیو مامەڵەی گونجاو" لەگەڵ هەلومەرجی دەوروبەر. بەڵام جوڵانەوە بەپێی ویستو فەرمانو سیاسەتی دەوڵەتانی مەرکەزی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، نەك هەر هیچ تەباییەکی نییە لەگەڵ چارەسەری عادلانەی کێشەی کوردو ویستی خەڵکی کوردستان بەڵکو بەتەواوی لەبەرامبەریدا دەوەستێتەوە. کێشەی کورد بۆیە بێچارەسەر ماوەتەوە چونکە دەوڵەتانی مەرکەزی ئەو سیاسەتەیان گرتوەتە پێش کە ئەحزابی کوردی ستایشی دەکەن. وەکو سەرۆکی پارتی لە کۆنگرە ڕۆژنامە نوسیەکەی بە بۆنەی سەری ساڵی تازەوە دەڵی "ئێمە داوای گۆڕینی سنورو هەڕەشە لە ئەمنیەتی دەوڵەتانی دەوروبەر ناکەین" واتە ئەویش وەکو ئەو دەوڵەتانە پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراق بە "هەڕەشە لە ئەمنیەتی" ناوچەکە لە قەڵەم دەدات!

سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لەو جێگایەی دڵنیابن دیواری ژوورەکەیان مشکی تیا نییە، دەڵین "چۆن کوێر دووچاوی ساغی دەوێ، ئێمەش دەوڵەتی سەربەخۆمان دەوێ بەڵام ئێستا هەلومەرج بۆ ئەوە لەبار نیەیەو هەنگاو بە هەنگاو بۆی دەڕۆین". بەڵام واقعیەت بە تەواوی پێچەوانەیە، بە درێژایی مێژوو ڕەنگە هەلومەرجی لەمە لەبارتر پێکنەیات بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستان. ئەوەی کە دەوڵەتانی ناوچەکە دژی ئەم خواستەن، شکی تیا نیەیە. بەڵام تا کاتێك کێشەی کورد لە ئارادابێتو ئەو دەوڵەتانەو نمونەی ئەوان لەسەر کاربێت ناکرێ چاوەڕێ بکرێ هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر ئەم مەسەلەیە باشتر بێت. ناشکرێ کەس چاوەڕوانی ئەوەبێت کە بەبێ داواکردنو هەوڵدان ڕۆژێك بڕیار لەسەر پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کۆشکی سپی ئەمریکاوە بە ئەدریسی مصیف صلاح الدینو قەڵاچۆلاندا پۆست بکرێ بۆ سەرانی ناسیونالیستی کورد. ئەمانە بەپێی ئەو پەندەی پێشینانی خۆشیان ناکەن کە دەڵێ "حەق شتێکە نادرێ بەڵکو دەسەندرێ". گومان لەوە نیەیە کە کۆسپو ڕێگری لەپێش هاتنەدی ئەم خواستە هەیە بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی هەڵتەکاندنی ئەو ڕێگریانەیە. دەبێ داواکاری ئەمە بیت تا بتوانێ بە هێزو دەوڵەتانی دیکەی بقەبڵێنی. هەلومەرجی لەبارتر لە ئێستا دەبێ چی بێت؟ بەشی زۆری کوردستان زیاتر لە 10 ساڵە لە دەسەڵاتو دامودەزگای بەعس پاك کراوەتەوە، کۆمەڵگای کوردستان هیچ کات بە ئەندازەی ئێستا لە ئیمکانیەتی جۆراوجۆر بۆ بەرگری لە خۆی بەهرەمەند نەبووە، پشتیوانیەکی گەورە بۆ کێشەی کورد لە ئاستی دنیاو ڕای گشتیدا هەیە، ڕژێمی بەعس لە هەموو کات ڕیسواترو دابڕاوترو دەستو باڵ بەستراوترە، ئەم سەردەمەی دنیا لە ئاستێکی فراواندا بواریدا بە ئاڵوگۆڕی سنورەکانو شکڵگرتنی دەوڵەتانێکی نوێ کە لە هەلومەرجەکانی پێشوودا ئیمکانی نەبوو. ئێستاش بارودۆخی دوای 11ی سەپتەمبەر هەموو ئەم فاکتەرانەی بە قازانجی پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەهێزتر کردوەتەوە. دەرفەتی لەوە گونجاوتر دەبێ چی بێت؟ ئەمڕۆ چارەسەری کێشەی کورد کەوتوەتە گرەوی پێکهاتنی دەوڵەتەوە، بارودۆخیش بۆ ئەمە لە زۆر ڕووەوە لە بارە، سەرانی ناسیونالیزمی کورد دژی ئەم ڕێگاچارە واقعیو گونجاوە ڕاوەستاونو دەیانەوێ لە پێناو بەرژەوەندیو ساتو سەودای خۆیاندا لە باری بەرن، خەڵکی ئازادیخوازو ئەو هێزانەی خوازیاری چارەسەرێکی گونجاوو عادلانە بۆ کێشەی کوردو ئایندەیەکی درەخشانن بۆ کۆمەڵگای کوردستان نابێ ڕێگای ئەم لەباربردنە بدەن.

## ئاشتی نێوان یەکێتیو پارتی

وەکو سوننەتێکی هەمیشەیی، بزووتنەوەی کوردایەتی هەوڵیداوە بە هەر نرخێك بیت خەڵك لە چاوەڕوانی بە دیار خۆیەوە ڕاگرێ. بۆ ئەمەش هیچ سڵ ناکەنەوە لە پەخشانەوەی وەعدەو بەڵێنی ناواقعی. ئەمجارەش دیسان لە پەیامەکانی خۆیاندا هەوڵیاندا خەڵك لە خۆشباوەڕی بە پرۆسەی ئاشتیو ڕیکەوتنامەی واشنتۆن ڕابگرن. تازە دەهۆڵی ئەوە دەکوتن کە پرۆسەی

ئاشتی هەنگاوی گەورەی بەرەوپێش ناوە، هاوکات وا نیشان دەدەن کە هەموو ئاواتو ئامانجەکانی خەڵك بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی ئەم پرۆسەی ئاشتیەوە. لە کاتێکدا کە بریاڕ نیەیە ئەم پرۆسەیە وەڵامی هیچ یەك لەو کێشانە بداتەوە کە بۆ خەڵكو چارەنوسی کۆمەڵگا گرنگو چارەنوس سازن. هەر بۆیە لە ڕۆژی یەکەمەوە ئێمە ووتمان ڕێکەوتنامەی واشنتۆن بێئاکامەو بەبنبەستی لە دایك بووە. ئێستا کە هەموو دنیا شایەتی فەشەلو ناکامی ئەو ڕێکەوتنامەیەن، سەرانی ناسیونالیزم خەریکن سەری خەڵکی پێ گەرم بکەن. لە کاتێکدا کە تەنانەت نەیانتوانیوە یەك هەنگاوی جدی بیبەنە پێشو هیچ بەندێکی بنەڕەتی لە ڕێکەوتنامەکە جێبەجێ بکەن، تا ئێستا ناتوانن تەحەمولی نوسینگەی یەکتری بکەن، هێشتا لایەنگرانی یەکتر ڕاودەنێن، کەچی باکیان لەوە نیەیە کە بڵێن "هەنگاوی گەورەمان بەرەوپێش هەڵگرتووە"!

سەرۆکی پارتی دوای چەند ساڵو چەند ڕێکەوتنامەو دەیان کۆبونەوەی وەفدی هەردوولا تازە دەڵێ "ئەو هەموو خوێنەی ڕژاوە بە دوو کۆبونەوەو سێ کۆبونەوە ئاسەوارەکەی چارەسەر ناکرێت" ئەمە بە جێی خۆی بەڵام پرسیار ئەوەیە کە نەك دوای دوو سێ، بەڵکو دوای 20و 30و 40و 50 کۆبونەوە ئەم پرۆسەیە بە کوێ گەیشت؟ ئەمجارە بۆ خۆشباوەڕکردنی خەڵك باسی ئەوە دەکەن کە دەیانەوێ "ئاشتیەکی پتەو بەرپا بکەن کە ئیتر شەڕی بە دواوە نەبێت" بەڵام تەجروبەی دەیان ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە پەخشانەوەی ئەم جۆرە بەڵێنە لە نێوان ئەم دووباڵەی بزووتنەوەی کوردایەتیدا واقعیەتی نیەیە. ئەوان ناتوانن ئازادی سیاسی قبوڵ بکەنو وەکو ئەحزابی ئەوروپایی مل بە دیموکراسیو شێوازی سیاسی بدەن بۆ یەکلاییکردنەوەی دەسەڵات، ئاکامی ئەمەش هەر بەوجۆرە دەبێت کە ئێستاو لە دەیان ساڵی ڕابردوودا تەجروبە کراوە. وەلانانی بەڵای شەڕی ناوخۆ لە گرەوی دانیشتنی خەڵکی کوردستان بە دیار پرۆسەی ئاشتیو بەڵێنەکانی سەرانی ناسیونالیزمی کوردەوە نیەیە، بەڵکو لە گرەوی هێنانە مەیدانی هێزی جەماوەری خەڵکە لە دەوری دەسکۆتاکردنی ئەم حزبانە لە دەست بردن بۆ چەكو میلیشیابازیو ملدان بە ئازادی سیاسی، لە گرەوی خەباتە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی سیاسی کوردستانو دەرهێنانی لەو سەرگەردانیو بێ دەرەتانییەی کە بواری بە داسەپاندنی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەوان داوە.

کێشەی تیرۆریزم لە کوردستان

بە پێچەوانەی ئەوەی سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد ئیدعای دەکەن، ئەوان دژی تیرۆریزم نین. بەڵکو لە 10 ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی ئەوان تیرۆریزمی لاواندوە. هەزارو یەك بەڵگە لەبەردەستدایە کە لە مەڵبەندی دەسەڵاتی ئەواندا باندە ئیسلامیەکان بەوپەڕی ئازادیەوە لە بڵنگۆی مزگەوتو ڕۆژنامەو تلفزیونو ڕادیۆوە فتوای کوشتاری ژنانو خەڵکی سیاسیو ئازادیخوازو شاعیرو نوسەرانیان پەخشاندووەتەوەو تەنانەت زۆرێك لەو فتوایانەیان جێبەجێ کردوە، سەدو یەك جار لە سلێمانیو هەلێرو شارەکانی دیکە بە (TNT ) کتێبخانەو ئارایشگاو مەیخانەو دوکانو مەڵبەندی لاوانو نوسینگەی ڕیکخراوەو لایەنەکانیان تەقاندەوە، لە بازاڕو زانکۆکاندا تیزابیان ڕشت بە دەستو پێی ژنانو سوکایەتیان پێ کردنو. . . بۆیەك جاریش خەڵکی کوردستان شایەتی هەڵوێستێکی جدیو دادگایی کردنێکی ئاشکرای تاوانبارانو بەرپرسانی ئەم کارە تیرۆریستیانە نەبوون. بەڵکو ئەوەی بەرچاو بووە سەرانی ئەم حزبانە هەمیشە لە پێشوازی سەرانی تاوانباری ئەم باندانە ڕاوەستاون، بە لێشاو پارەیان بۆ هەڵڕشتوونو خەرجی کاری تیرۆریستی ئەوانیان کێشاوە، بن لادنەکانی کوردستانیان لە دەسەڵات شەریك کردوەو بەپێی قانونی ئەوان کۆمەڵگایان بەڕێوە بردوە.

ئەوان هەموو بەڵگەنامەی دژی تیرۆریزم بوونی خۆیان لەوەدا نیشان دەدەن کە بەرامبەر باندێکی وەکو (جند الاسلام) ڕاوەستان، هەرچەندە ئەمە هەڵوێستێك بوو دوای ئەوەی مەترسی لەسەر دەسەڵاتو ئەمنیەتی خۆیان پێکهێناو تەنانەت سەرانی خۆیانی کردە قوربانی تیرۆر، ئەمجار گرتیانەبەر. بەڵام بە جیا لەوەی هۆی شەڕ لەگەڵ ئەم باندە هەرچیەك بووبێ،

ئەگەر تەنانەت لەم پەیوەندەشدا سیاسەتێكی چالاكو جدیەیان بگرتایە پێش دەكرا شانو باڵی پێوە بابدەن. بەڵام ئەوەشیان نەكرد، هێشتا ئەم باندە خوێنی ڕووداوی 23ی سەپتەمبەر بە چنگیاندا دەهاتە خوارەوە كە ئەحزابی حاكم نیەتی سازشیان بۆ نیشاندان. تەنانەت شەڕ لەگەڵ ئەم باندەیان بە دەست هێنان بە سەر باندەكانی دیكەدا بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی تەعویز كردەوەو "ئیسلامی ڕەسەنو نا ڕەسەن"یان بۆ داتاشین. هەر یەك لە سەرۆكی یەكێتیو پارتیو سەرۆكی "حكومەتەكانیان" ڕۆژی دوای شیرو تیر بادانیان لە تیرۆریزم، چونە پێشوازی سەرانی باندە تیرۆریستە واقعیەیە ئیسلامیەیەكانەوە. وەكو تازەترین نمونەكان سەرۆكی پارتیو جێگری سەرۆكی "حكومەت"ەكەی دوو ڕۆژ دوای ئەوەی لە سەری ساڵی تازەدا باسی ئەوەیان كرد كە نەك دوای 11ی سەپتەمبەری 2001 بەڵكو لە 11ی سەپتەمبەری 1961ەوە دژی تیرۆریزم ڕاوەستاون، لەگەڵ سەرانی هەردوو باندی تیرۆریستی (یەكبونی ئیسلامی)و (كۆمەڵی ئیسلامی)دا دەستیان لە ملی یەك كردو مژدەی پتەوكردنەوەی پەیوەند هەردوولایان بەو خەڵكە ڕاگەیاند كە دژی تیرۆریزمی ئیسلامی بەدەنگ هاتوون. بەپێی هەواڵ لەو دیدارانەدا باسی دانی مۆڵەتی یاساییو بەشداری ئەم باندانە لە دەسەڵات كراوە. جێگری "حكومەت"ەكەی یەكێتیش لە مصرەوە شانازی گەورەی خۆیانی لەوە نیشاندا كە ئەم باندە تیرۆریستانە لە كوردستان ئازادانە هەڵدەسوڕێنو ڕێگریەكیان لە پێش نیەیە. ئەم بەڵگە ئاشكرایانە نیشانی دەدەن كە ئەحزابی ناسیونالیستی كورد نەك دژی تیرۆریزم نین بەڵكو تیرۆریزم پەروەرن. ئەمە ئەو سیاسەتە چەوتەیە كە زیاتر لە 10 ساڵە هیچ ئەمنیەتیكی بۆ خەڵكی كوردستان نەهێشتوەتەوەو كۆمەڵگای لە گێژاوی تیرۆریزمدا ڕاگرتوە. هێزی خەڵكی ئازادیخواز دەبێ ئەم سیاسەتە ناكام بكاتەوەو بۆ هەڵپێچانی ئەم باندە تیرۆریستانەو دەسكۆتاكردنی ئەحزابی كوردی لە دەسگیرۆیی تیرۆریزم، هەروەكو مانگی ئۆكتۆبەری ڕابردوو بە ڕیزی سەدان هەزاری بێتە مەیدان.